# پێناسەی تاوانناسی

**پێناسەی جۆراوجۆر:**

شارەزایان بەشێوەی جیاجیا پێناسەی تاوانناسییان کردوە؛ یەکێك لەو پێناسانە دەڵێ: تاوانناسی ئەو زانستەیە کە (تاوان) دەتوێژێتەوە. پێناسەیەکی تر دەڵێ: تاوانناسی ئەو زانستەیە کە بەدوای شیکردنەوەی ئەو ڕەفتارە دوژمنکاریانەدا دەگەڕێ کە زیان بەکۆمەڵگا دەگەیەنن، ئەمەش بۆ بەرگریکردنی بەهۆی دەستنیشانکردنی فاکتەرە ڕاستەقینەکانی.

ئەمەشیان دەڵێ: تاوانناسی ئەو لقەیە لە زانستە تاوانیەکان کە لە تاوان دەکۆڵێتەوە وەك دیاردەیەك لەژیانی تاك و لەژیانی کۆمەڵ، بەمەبەستی دەستنیشانکردن و شیکردنەوەی ئەو فاکتەرانەی دەبنە مایەی بەرپابوونی.

**پێناسەی دروست و هەمەلایەنە:**

زۆر پێناسەی تریش پێشکەش کراونە، بەڵام ئێمە پێمان وایە لە پێناسەی ئەم زانستەدا هەر وشەو واژەیەك بەکار بهێنرێ، گرنگ ئەوەیە پێناسەکە لە دواجاردا **سێ ڕەگەز** بگرێتەخۆ بەشێوەیەك ئەگەر یەکێکیانی تێدا نەبێ بە کەموکورت دەدرێتە قەڵەم.

سێ ڕەگەزەکەش ئەمانەی خوارەوەن:

1- تاوانناسی لە دیاردەی تاوان دەکۆڵێتەوە لەژیانی تاك و لە ژیانی کۆمەڵ.
2- مەبەستی تاوانناسی دەستنیشانکردنی هۆو فاکتەرەکانی تاوانە.
3- ئامانجی دوورمەودای تاوانناسی لەناوبردنی تاوانە، یانیش لایەنی کەم کەمکردنەوەی.

بەم پێیە دەڵێین: **تاوانناسی ئەو زانستەیە کە دیاردەی تاوان لەژیانی کەس و لە ژیانی کۆمەڵدا بنکۆڵی دەکات، بەمەبەستی دەستنیشانکردنی ئەو هۆو فاکتەرانەی دەبنە مایەی سەرهەڵدانی، ئەمەش بۆ بنبڕکردنی دیاردەکە یانیش لایەنی کەم کەمکردنەوەی ڕێژەکانی.**

- لەبەر ئەوە دەگوترێ (لەژیانی تاك و لەژیانی كۆمەڵدا) چونكە هۆیەكانی تاوان زۆرن هەندێكیان بۆ خودی كەسی تاوانبار دەگەڕێتەوە، هەندەكەی تریشی بۆ بارودۆخی كۆمەڵایەتی.
- ئەوەش كە دەگوترێ (بەمەبەستی دەستنیشانكردنی ئەو هۆو فاكتەرانەی دەبنە مایەی سەرهەڵدانی) لەبەر ئەوەیە كە هەمووو زانستێك، لەوانەش تاوانناسی، ئەركی یەكەمی ئەوەیە هۆیەكانی ئەو دیاردەیە بدۆزێتەوە كە لێی دەكۆڵێتەوە، بۆ نموونە كە پزیشكان لە نەخۆشیەك دەكۆڵنەوە مەبەستیان ئەوەیە هۆ یاخود ئەو هۆیانە بدۆزنەوە كە دەبنە مایەی پەیدابوونی.

جا هەمان شت مەبەستی تاوانناسی لەوەی كە دیاردەی تاوان دەتوێژێتەوە ئەوەیە كەوا ئەو پەیوەندیە هۆیەتیە (علاقه السببیه) دەستنیشان بكات كە لەنێوان تاوانە فاكتەرەكان و دیاردەكەدا هەن.

- ئەو بڕگەیەش كە دەڵێ(بۆ بنبڕكردنی دیاردەكە)، ئەو ئامانجە دوورمەودایە پێشان دەدا كە تاوانناسی خولیایەتی، چونكە ئەگەر ئەو ئامانجەی نەبێت ئەوا ئیش و فەرمانی تاوانناسی وەكو ڕۆمانێكی بێ كۆتاو ئیشێكی بێ نرخ و مانای لێدێ.

ئەم خاسیەتە تەنها تایبەت نیە بە تاوانناسی، بەڵكو سەرجەم زانستەكانی تریش كە بەدوای دۆزینەوەی هۆیەكاندا دەگەڕێن، ئامانجی دوورمەودایان هەیە، بۆ نموونە هەمان ئەو پزیشكانەی لەنموونەی پێشوو لە نەخۆشیەكەیان دەكۆڵیەوە؛ ئایا هەروا بۆ زاخاوی مێشك یان لە بێكاری هەوڵی دۆزینەوەی هۆیەكانی نەخۆشیەكە دەدەن؟ هەڵبەت نەخێر، بەڵكو لەم كارەیاندا ئامانجی خۆیان هەیە كە بریتیە لە بنبڕكردنی نەخۆشیەكە.

ئینجا بنبڕكردنی تاوان، واتە بەیەكجاری لەناوبردنی، ڕەنگە هەرگیزاو هەرگیز لە هیچ سەردەمێك و لە هیچ كۆمەڵگایەك بەتەواوی نەیەتەدی، بۆیە لەدوا پارچەی پێناسەكەدا هاتوە (یانیش لایەنی كەم كەمكردنەوەی ڕێژەكانی)، چونكە ئەگەر دیاردەی تاوان بەتەواویش لەناو نەبرێ، ئەوا تاوانناسی هەر بەسەركەوتوو لەقەڵەم دەدرێ ئەگەر هات و توانی ڕێژەكانی كەم بكاتەوە. بۆ نموونە ئەگەر ئەمساڵ لەپایتەختی هەرێمی كوردستاندا پەنجا تاوانی دزی ئەنجام درابێ، ئەوا سەركەوتنێكی گەورەیە ئەگەر ئەم ژمارەیە بوو بە بیست تاوان لەساڵی ئاییندەدا.